شەپۆلی باران بارین سەرجەم ناوچەکە و هەرێم دەگرێتەوە



بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم کەشی پێشبینیکراوی ئەمڕۆ پێنجشەممەی بڵاوکردەوە.

بۆ ئەمڕۆ پێنجشەممە 20ــی 2ی 2025،

کەش هەور و باراناوی دەبێت، ئەم شەپۆلی باران بارینە سەرجەم ناوچەکەمان دەگرێتەوە هەروەها لە ناوچە سنوورییەکان بەفر دەبارێت، سەرەتا داباربن بەشێوە پچر پچر دەبێت، لە شەودا هێز و تاوی باران زیاد دەکات بۆ بارانی مامناوەند و لە ناوچە شاخاوییەکان بۆ لێزمە بارانی بەردەوام، لەگەڵ زیاد بوونی خێرای با.